ئەحمەد رەزا ئەحمەدی لە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی 19 مایسی 1940 لە کرمان لە دایکبووە. باوکی کارمەندی وەزارەتی دارایی بووەو پێنج منداڵی هەبووە، کە ئەحمەد رەزا بچوکترینیان بووە. پاپیرەی لە باوکییەوە سیقەتولئیسلامی کرمانی، باپیرەی لەدایکییەوە ئاغا شێخ مەحمودی کرمانییە. ساڵی یەکەمی خوێندنی لە قوتابخانەی کاویانی کرمان بەسەربردو لە ساڵی 1947 لەگەڵ بنەماڵەکەیدا کۆچیانکرد بۆ تاران، لە قوتابخانەی بنەڕەتی ئەدەب و سەفەوی تاران قۆناغی سەرەتایی تەواوکردو قۆناغی ناوەندیشی لە ماڵی هونەری تاران تەواوکرد. لە ساڵی 1966 دا خزمەتی سەربازی لە گوندی ماهوەنکی کرمان بەڕێکرد.

**گروپی ئەدەبی (طرفه):**

ئەحمەدی لە ساڵی 1964 لەگەڵ هەریەك لە نادر ئیبراهیمی، ئیسماعیل نوری عەلا، میهرداد سەمەدی، محەمەد عەلی سپانلو، بەهرام بەیزایی، ئەکبەر رادی، جەعفەر کوش ئابادی، مریەم جەزایری و جەمیلە، گروپی (طرفه) بە ئامانجی بەرگریکردن لە هونەری شەپۆلی نوێ دامەزراند. بڵاوبوونەوەی دوو ژمارە لە گۆڤاری (طرفه) و ژمارەیەك کتێب لە بواری شیعرو چیرۆکدا لە چالاکییەکانی ئەم گروپەیە.

***چالاکیەکانی لە کانونی پێگەیاندنی هزری منالان و نەوجەوانان:**

ئەحمەدی لە مانگی ئۆکتۆبەری 1970 لە کانونی پێگەیاندنی هزری منالان و نەوجەوانان سەرقاڵی کارکردن بوو. تا ساڵی 1979 وەکو بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی مۆزیك بۆ لاپەڕەو کاسێت مایەوەو لە ساڵی 1979 تا سەردەمی خانەنشینی، واتە ساڵی 1994 لە بەشی بڵاوکردنەوەی کانونی پەروەردەکردنی منالان و نەوجەوانان سەرقاڵی هەڵەبڕی بوو. رێکخستنی ریزبەندی مۆزیکی ئێرانی ئاوازەکانی محەمەد رەزا شەجەریان، شیعر خوێندنەوەو تۆمارکردنی دەنگی شاعیرە گرنگەکانی وەك (بەرهەمەکانی نیما یوشیج، ئەحمەدی شاملو، نادری نادر پور، فروغی فروخزاد، یەدوڵڵای روئیایی، نوسرەت رەحمانی و....) لە کۆمەڵە چالاکییەکانی ئەو بووە لە کانوندا. هەندێ لە بەرهەمەکان لەژێر سەرپەرشتی ئەودا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1-کۆمەڵێك لەدەنگی شاعیران، کە ناساندنی شیعری هاوچەرخ و شیعری کلاسیکی فارسی بوو.

2-کۆمەڵێك ژیاننامەو بەرهەمی مۆزیکزانە ئێرانی و جیهانییەکان.

3-کۆمەڵێك ئاوازی فۆلکلۆری ئێرانی.

4-کۆمەڵێك مۆزیکی گشتی ئێران.

5- پۆلێنبەندیی کلاسیکییەکانی مۆزیکی ئێران.

6-کۆمەڵە چیرۆکێك بۆ منالان.

ئەمە جگە لەوەی زیاد لە (سەد) کتێب و بەرهەمی تری ئەدەبی و منالانی بەچاپگەیاندووە.

ئەحمەد رەزا ئەحمەدی لە ساڵی 1982 لەگەڵ شوهرە حەیدەری هاوسەرگیری ئەنجامداوە، کە بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە منداڵێکە بەناوی ماهور.

**شێوازی کارکردنی:**

ئاشنابوونی قوڵی ئەو بە شیعرو ئەدەبیاتی کۆنی ئێران و شیعری نیما، بووە دەستمایەیەك، تا بزاوتێکی تەواو جیاواز لە شیعری هاوچەرخدا دەستپێبکات و دایبرێژێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا بەشێوەیەکی جدی دەستیکرد بە نوسینی شیعر.

یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناونیشانی (طرح) لە ساڵی 1961 بڵاوکردەوە، کە سەرنجی زۆربەی شاعیران و رەخنەگرانی دەیەی شەستەکانی راکێشا، هەروەها هەندێ بەرهەمی لە بواری ئەدەبیاتی منالان و نەوجەواناندا هەیەو لە رێورەسمی رێزلێنانی ئەحمەد رەزا ئەحمەدی دا، پەیکەری قەڵەمی باڵندەیان پێشکەشکرد.



***خەلاتی شیعر ی بێژەن جەلالی:**

لە ساڵی 2006 ئەحمەدی وەکو شاعیر، خەڵاتی شیعری بێژەن جەلالی پێدرا.

***خەڵاتی هانس کریستیان ئەندرسن:**

لە ساڵی 2009 خەڵاتی هانس کریستیان ئەندرسن ی پێبەخشرا.